# کچ و کوڕ

دڵزار حەسەن

یان مانایەکی دی ئاگرو بەنزین یان ساردو گەرم بەهەر حاڵ هەردوو ڕەگەزی مێ و نێر لەکۆمەڵگای سمێڵ زڵەکانەوە وەك زاید و ناقس وان ، بۆیە هەردوو جودا رەگەزی خوڵقاوو لەکوشتن و خوێن بەدرێژایی و جودیان بەر یەککەوتنیان حەرام و بڤە بووە مەگەر مەلایەك هاتبێتە هانایان و مۆری بەرەکەتی شەریعەتی گەیاندبێتە نێوانیان !!

هەربۆیەشە تائەو دوو فەحس موەقەتە نەبنە رەقەم و سەنەوی ژنەکە نەچێتە باخەڵی پیاوەکەوە ئەوا پەیوەندی و تێکەڵاوی نێرینەی و مێینەیی هەردوو پێکهاتە قوارەویەکە ئاکامی باشنا بێت . هەرلەبەر ئەوەیە کچان لە رقی ئەوەی نادرێت بەشوو یان ئازادی هاوسەر هەڵبژاردنیان لێزەوت دەکرێت یان بێبەشدەبن لەعیشقبازی و سێکسبازیەوە ئیدی لەداخی ئەوەدا ڕێگایەکی شووم هەڵدە بژێرن . هەڵبەتە خۆسووتاندن یان رەدووکەوتن لەلایەن کچانەوە بەربڵاو ترین ئارمانبی پەرچەکردرانەی ئەوانە لەدژی پیاو فێڵ و ئەقڵی دۆگماوو کۆمەڵگای بەربەیەوە .

بێگومان هەردوو ڕێگا شوومەکەش دژوارترین بریارە کەکچان لەبارەیانەوە دەیدەن .

بەهەر حاڵ قسە هەزارووپەکی بەکارە لەخۆمان و کۆمەڵگاو حکومەت بپرسین ئاخوو جەستەی سووتاوو بێ نازی ئەو ژن و کچە داماوانەکێ لێیبەر پرسیارە کەڕۆژانە هەواڵی خۆسووتاندنی کچانمان پێدەگات و بەبێ ئەوەی ئێمە مانان قسەیەکمان هەبێ بۆ گوتن ؟!!

دەنگ دەدەم نەبادە بایحەیەکەم لێبڕن !!

تازە ترین و عەجایبترین و سەرسورهێنەر ترین و شاوز ترین هەواڵ ئەو خەبەرەنیە کەلە کانەڵە ئاسمانیەکان و رادیۆ و ڕۆژنامەکان دەستت دەکەوێت نەخێر ئەو خەبەرو هەواڵەگەرم و نادیرانەی کەقەتاوقەت لەمیدیاکان دەستت ناکەوێت بێگومان ئەو خەبەرەیە کەلەناو بازاڕو خەڵکی بەتایبەتی ناو ژنان بەر گوێت دەکەوێت چونکە ژنان لەحزەیەکە چەندین خەبەری گەرم گەرمت لەتەندور بۆدەردەهێنن هەرئەو خەبەرەشیان لەڕۆژێکدا بەچەندین شێوە سیاغە دەکرێنەوە وە زۆرێك دەم و ماڵ و کۆڵان و شاردەکات بەبێ ئەوەی سەرچاوەی خەبەرەکەش دیار بێت !!

دیارە بڵاو بوونەوەی خەبەریش لای ئەوانە زۆرلە ئاچانسەکان دونیا بەربڵاو ترە – پێشت سەیر نەبێت هەواڵێك خۆت دروستی بکەیت و باسی بکەیت لەبازارو ناو خەڵکی دوور مەسینە ژنەکەت لەکاتی نانخواردنی ئێوارەدا هەمان خەبەرت پێبفرۆشێتەوە و بەقەولی ڕۆژنامەنووسە تاجیرەکانیشەوە گوتەنی هەندێ بەهاراتی با شیشی پێدادەکات زۆر جارانیش کلك و گوێی هەواڵەکەش دەبڕن و هی تازەو نوێیان لەجێگادا دادەنێت !!!

بۆ نمونە بەم دوایی یە لەگەڵ دابەشکردنی ئازووقەی نوێ فۆرمی دنگ دانیشیان دامەخەڵك .

دیارە دابەشکردنی فۆرم و ئازووقە لەیەککاتدا جگەلەوەی بووە مشت و مڕ لەسەر زۆری هەڵەی ناوەکانەوە لەفۆرمەکەدا لەگەڵ ئەوەشدا هەواڵێك بەخێرایی لەناو ژناندا بڵاو بوویەوە .

منیش بەحوکمی ئەوەی بەهارات فرۆشم چەند ژنێکم بۆباسکردنی ئەوبابەتە بەدەووریدا کۆبوویەوە و کەوتنە پرسیار کردن لەیەکتری و یوکیان بەئەوەی بەرامبەری دەگوت سەبری دەزانی پیتاقەکەی هەزۆری خەرەت تێدایە ئەویتر دەیگوت خوشکم زوو چاکی کە دواهێ ناتوانی دەنگ بدەیت ، ئەویدیکەیان بەبۆڵە بۆڵ گوتی هەیەڕۆ وەڵابابە هی مەش خەرەتی نادەکانمان هاتیتەوە دەشرێن ئەوەی دەنگیش نەدا بایحەکەی لێدەبڕن .

پیرژنیسێکیش لەولاوە لەبەر خۆیەوە دەیگوت کوو سەوت نادەم هەر ئەو بایحەشم هەیە ئیدارە پێبکەم وەللاَ کیژم سەووت دەدەم لۆسەووت نادەم هەنچاك سەووت دەدەم بەس ئەنگۆ بایحەکەم مەبڕن ئەمن بەدە پەنجە لۆتان مۆردەکەم !!!

**شەقامەکانی مەخمور روناك دەکرێنەوە**

خەبات. دیبەگە – عەدنان کاکە : مەبەستی روناکردنەوەی شەقام و کۆلاَن و شوێنە گشتیەکانی شارۆچکەی دیبەگە – فەرمانگەی کارەبایی دیبەگە سەرقالَی ئەنجامدانی روناکی ستونەکانی ناو شارۆچکەیەو چەندین هۆکاری روناککردنەوەیان هەلَواسیوە و بڕیاریشە لەماوەی (30)ڕۆژدا ئەوکارە بکرێت کەنزیکەی (300)گلَۆپ و روناککردنەوە دادەنرێت . ئەوهەوالَە لەژمارە (1640)ی ڕۆژی یەکشەمەی بەرواری 5 / 12 / 2004 لەلاپەرە چواری ڕۆژنامەی خەبات بلاَو بۆتەوە ...